# وێنەسازییەکانی کوردێکی هیومانیست

**رزگار ئەمین‌نژاد**

پێوەندیی قاسملوو بە ڕیاڵیزم و هەروەها ڕیاڵپۆلیتیکەوە، لە گوتار و نووسینەکانیدا بەرچاو دەکەوێت. لە ڕووی مێتۆدۆلۆژییەوە، کاتێ پرسی کورد و داڕشتنی ستراتیژییەکی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دەخوێندرێتەوە، بەراوردکردنی تیۆر و واقعییەت بە بنەما دەگرێت. بۆ نموونە کاتێ باسی سوسیالیزم دەکات دەڵێت: «فەرقی ئێمە لەگەڵ زۆربەی ئەو دەستە و تاقمانە ئەوەیە کە ئەوان هەوڵ دەدەن واقعییاتی وڵاتەکەمان لەگەڵ تیۆرییەکەیان ڕێک بخەن و، ئێمە بە پێچەوانە، دەمانهەوێ بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆری و ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی وڵاتانی دیکە و دەرسەکانی جووڵانەوەی مێژووی گەلی کورد، تیۆرییەکە بە جۆرێک ڕێکوپێک بکەین کە وڵامدەری واقعییەتی هەڵقوڵاوی وڵاتەکەمان و گەلەکەماندا بێ».

## پێشەکی

مانگی پووشپەڕ لە ماوەی ئەم ٣٥ ساڵەدا نەک هەر ئاوێتەی یادی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو دەبێتەوە، بەڵکە تا دێ ڕەنگ و بەرامەی سەمپۆزیۆمێکی زانستی لەمەڕ هزر و ڕووکردە سیاسییەکانیشی بەخۆیەوە دەگرێت. قاسملوو وەک سیاسەتمەدارێکی کورد لە بیر و زەینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستاندا وەها ناخێنە بووە، کە بەدوور لە هەر چەشنە زێدەڕۆیی‌یەک دەتوانم بڵێم؛ قاسملوو بەشێکە لە کۆبیرەوەریی کورد. یادی قاسملوو بە لانیکەمەوە لە دوو ڕەهەندەوە جێگای سەرنجە: یەکەم ڕەهەندی سۆز و ویژدانییە و ئاماژە بە ڕووداوێکی دراماتیک دەکات کە بەشێوەیەک پێوەندیی بە چارەنووسی کوردیشەوە هەیە. واتە ڕێبەرێکی کورد کار لەسەر داهێنانی ڕێتۆریکێک دەکات بەڵکوو زمان، دەنگی چەک کپ بکات، بەڵام لە کاتی وتوویژ بۆ دۆزینەوەی ڕێکارێکی ئاشتییانە لەمەڕ چارەسەرکردنی پرسی کورد، دیسان دەنگی چەک بڕیاری دوایی دەدات و کۆتایی بە ڕۆڵی زمان دەهێنێت. دووهەم: ڕەهەندی عەقڵانییە کە یادی قاسملوو دەکات بە بنەما بەڵکوو جارێکی دیکە بە ژین-جیهانی ئەم سیاسەتمەدارە کەموێنەیەدا بچێتەوە و بیکات بە دەرفەت بۆ لێ فێربوون و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە. بە سەرنجدان بەو بارستایی‌یە مەزنەی لەمەڕ کاری توێژینەوە، وتار، فیلمی بەڵگەیی و هەروەها بیرەوەریی چالاکانی سیاسی لەسەر قاسملوو، دڵنیا دەبینەوە کە قسەکردن لەسەر قاسملوو بە مانای خوێندنەوەی ژین-جیهانی ڕێبەرێکی ئایدیالیستە کە باش دەیزانی لە بازنەی تەنگی ڕیاڵپۆلیتیکدا چۆن خەبات بۆ خەونە بەرزەکانی بکات. ئایدیالیست لەم وتارەدا ئاماژەیە بۆ ئەو چالاکە سیاسییانەی کە هزر، نۆرم و ئامانجە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیان بە بنەما دەگرن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی باشتر و هەروەها بووژاندنەوەی عاملییەتی مرۆڤ کە لە خۆیدا ئاماژەیەکیشە بۆ ڕوانگەی هیومانیستیی ڕێبەرانی سیاسی. هەڵبەت ئایدیالیست مانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بەتایبەت کوردستان کە لەنێوان سنووری چوار وڵاتدا دابەش کراوە، کارێکی ئاسان نییە. هەر ئەو ئاڵەنگارییانە هۆکارن بۆ پاساوی کردەوە و گوتارە پارادۆکسیکاڵەکانی سیاسەتمەدارانی کورد کە هێندێ جار نەک سنووری چەمکی پراگماتیک دەبەزێنن بەڵکە هاوسەنگیی نێوان بەرژەوەندیی حیزبی و بەرژەوەندیی نەتەوەییش تێک دەدەن. کەوایە کایەکردن لە مەیدانی سیاسەت کە ڕیاڵپۆلیتیک یاسا و ڕێساکانی دیاری دەکات، یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی فەلسەفەی سیاسییە کە ئامانجی ڕێبەرانی ئایدیالیستە.

ئەم وتارە هەوڵ دەدات ئەو وێنانە بخوێنێتەوە و لێیان بڕوانێت کە قاسملوو لە نەخشاندن و نواندنیاندا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە. وێنەسازی ئاماژەیەکە بۆ وێناکردنی هزرە دەروونی و ئینتزاعییەکان لە چوارچێوەی وێنەیەکی گەورەتردا، بەڵکوو داهاتوویەکی مومکین بنوێنێت و لەگەڵ ئیحتیمال و واقعە دەرەکی و هەنووکەیی‌یەکاندا بگونجێت. سیاسەت لە سۆنگەی وێنە گەورەکانەوە، مێتۆد و شێوازای گونجاو بۆ خەبات و کاردانەوەی چالاکانی سیاسیش دیاردی دەکات و لەوەش گرنگتر؛ هەستی خۆبوون و پێکەوەبوون بەلای تاکەکانی کۆمەڵگەوە بەهێز دەکات کە لە درێژەی ئەم وتارەدا هەوڵ دەدەم بە پوختی شیی بکەمەوە. هەڵبەت چوارچێوەی وتارەکە لە باری فەزا-کاتەوە سنووردارە و باسی قۆناغێکی مێژوویی دەکات کە قاسملوو ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردایەتی، واتە ئەم وتارە نایهەوێت پێش مێژوو بکەوێت

## وێنە وەک مانیفێستی سیاسی

نواندنەوەی شێوازی سەرووەریی سیاسی لە

قاڵبی نەخشێکی دیواریدا، بە بۆچوونی دەیڤید میلێر دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەی زایینیی کە لەلایەن یەک لە نیگارکێشە ناودارەکانی ئیتالیا، واتە «ئامبراجۆ لۆرێنتسێتی» نەخشاوە و دیوارەکانی کۆشکی «سییەنا»ی پێ ڕازاوەتەوە. ئاماژەدانی میلێر بەم بەرهەمە هونەرییە لە ڕاستیدا پێوەندیی بەم پرسیارەوە هەیە: فەلسەفەی سیاسی باسی چی دەکات و نێوەرۆکەکەی چییە؟ ناوی ئەو نەخشە دیوارییە «نواندنەوەی حکومەتی باش و خراپە» کە لۆرێنتسێتی هەوڵ دەدا لە ڕێگای ئەو وێنەیەوە سرووشت و نێوەرۆکی حکومەتی باش و نەباش و هەروەها کاریگەریی ئەو حکومەتانە لەسەر ژیانی خەڵکی ئاسایی پیشان بدات. لە وێنەکەی حکومەتی باشدا کە زۆر سیمبولیکە، سەروەرێکی سیاسی لە لای سەرووی کۆڕی هاوڵاتییان و لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتووە و، لە سیمایدا ئازایەتی، گەورەیی، فەزیلەت و هێمنایەتی بەدی دەکرێت. بە لای دەستە ڕاستی وێنەکەدا، وەک چۆن میلێر باسی دەکات، کاریگەریی ئەم سەروەرە مێرخاسە لەسەر ژیانی هاوڵاتییان پیشان دەدات کە خەڵک لە شاری پاکژەوە هەتا گوند و مەزرا ئاوەدانەکان، لە تەناهی و تەباییدا خەریکی کار، ژیان، وەبەرنان و خۆشبژیوین. لەبن وێنەکەدا نووسراوە: «لە سایەسەری ئەم خانمە بەڕێزە و لەم کۆمارەدا گشت کەسێک بۆی هەیە ئازادانە و بێ ترس کار بکات و خێر لە کار و بەرهەمەکانی خۆی ببینێت، چونکە ئەم سەروەرە مەزنە کۆتاییی بە ڕاو و ڕووت هێناوە». ئەم وێنەیە نواندنەوەی سیستەمی کۆمارییە کە بە بۆچوونی میلێر لە بەشێکی وڵاتی ئیتالیا و لە سەدەی چواردەی زایینیدا لەوپەڕی ئارامی و ئاسوودەییدا بوو (میلر ۱۳۸۸).

وێنەکەی شانی چەپ، وێنەیەکی دیستۆپیاییە کە لەودا سەروەرێکی سەرەڕۆ حوکم دەکات و لای سەرووی کۆمەڵێک سەربازی پڕ چەک، لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتووە و تووڕەیی، غەزەب و غروور لە نێوچاوانییەوە دەبارێت. بەرهەمی حکومەتی دیکتاتۆر لە وێنەکەدا شارێکی وێران، گوندی کاول و مەزرا بێ حاسڵاتەکانە و خەڵکەکەش لە بن سێبەری ترس و دڵەڕاوکەدا درێژە بە ژیانی قولەمەرگی دەدەن. لە بن وێنەکدا نووسراوە: «لەم شارەدا کەس لە خەمی کەسدا نییە و هەر کەس هەوڵ بۆ خۆی دەدات، هەر بەم هۆیە ڕێز و قەدری داد لەبن پێی سەرەڕۆییدا شکاوە. لەم جادەیەدا کەس هەست بە تەناهی ناکات چونکە خێڵی چەتە هەموو ڕۆژێ لەسەر ڕێی شار و گوندەکان لە بۆسەدان».

لەم خوێندنەوەیەدا ئێمە لەگەڵ دوو وێنەی گەورە بەرەوروو دەبینەوە: وێنەیەکی باش و وێنەیەکی خراپ کە ڕەنگدانەوەی پرسیارێکی فەلسەفییە بۆ سیاسەت بەڵکوو لە نێوەرۆک، هۆکار و کارتێکەریی دەسەڵاتی باش و نەباش تێ بگەین. لە شرۆڤەکانی میلێر سەبارەت بەم وێنانە ئاماژە بە سێ بۆچوونی فەلسەفی کراوە کە لەو وێنانەدا بەدی دەکرێن:

● یەکەم بۆچوون پێمان دەڵێت کە ژیان لە دوو دەسەڵاتی باش و نەباشدا زۆر جیاوازە. ئێمە ناتوانین خۆ لە سیاسەت نەبان بکەین، خۆ بە ژیانی ڕۆتینایزەوە سەرقاڵ بکەین و بڵێین مۆدێلەکانی دەسەڵات هیچ لە ژیانی ئێمە ناگۆڕێت (ibid). کەوایە ئەخلاقی ژیان، تەناهی و تەبایی لە گرەوی حکومەتێکی باشدایە.

● بۆچوونی دووهەم پێمان دەڵێت کە مۆدێلی دەسەڵاتی سیاسی لە چارەنووسی ئێمەدا نەنووسراوە، بەڵکوو خەمساردیی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنی دەسەڵاتدا، تووشی حکومەتی خراپمان دەکات (ibid). مافی هەڵبژاردن پێوەندی بە ئەرکی مەدەنی و خەباتی سیاسیی ئێمەوە هەیە. خەمساردی لە ئەرکی مەدەنیدا و خۆ دزینەوە لە ئالەنگارییەکانی سیاسەت،

ڕێگا بۆ دەسەڵاتداریی سەرەڕۆ خۆش دەکات و سرووشـــتییە کە چارەنووسی وێنە خراپەکە هەڕەشەمان لێ بکات.

● بۆچوونـــی ســـێهەم پێمـــان دەڵێـــت کە دیاردەیەک هەیە بە ناوی هزری سیاسی کە فێرمان دەکات چی بکەین و چ تایبەتمەندی و ڕێکارێـــک لەبەرچـــاو بگریـــن، بەڵکـــوو دەسەڵاتێکی باش دابمەزرێنین (میلر ١٣٨٨).

نواندنەوەی فەلســـەفەی سیاســـی لە قاڵبی وێنەدا هەر بە سەردەمی لۆرێنتسێتی کۆتایی نایەت. «تۆمـــاس مـــۆر» (١٤٧٨-١٥٣٥) لە سەدەی ١٦ی زایینیدا ئۆتۆپیا وەک وێنەیەکی گەورە بۆ نواندنەوەی کۆمەڵگایەکی سیاســـی دەکار دەکات کە خەیاڵی و بێ کێشەیە. دواتر «تۆماس هابز» (١٥٨٨-١٦٧٩) لەسەدەی ١٧ ی زایینی و لە کتێبی «لیڤیتان»، بە ســـوود وەرگرتن لە وێنـــەی ئاناتۆمیی مرۆڤ هەوڵ دەدات فەلسەفەی سیاسیی خۆی وێنا بکات کە لەســـەر بنەمای دەســـەڵاتێکی سیاسی و ســـێنترالیزەکراو دادەمەزرێت و گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیش ڕەوایی بەو دەســـەڵاتە دەدات. کۆمەڵگای کۆمۆنیســـتیی «کارڵ مارکس» کە لـــەودا پرۆلیتاریا کۆتاییی بە چەوســـاندنەوە و جیاوازییـــە چینایەتییـــەکان هێناوە، یەک لە وێنـــە گەورەکانـــی ســـەدەی نۆزدەهەمە و ئەگەرچـــی ڕەهەنـــدی ئۆتۆپیایی وێنەکە بەرچاوتر بوو، بەڵام تا کۆتاییەکانی سەدەی بیســـتەم کارتێکەریی لەســـەر فەلســـەفەی سیاسی هەبوو.

بە ســـەرنجدان بەو ڕەوتە لە وێنەســـازی کە لـــە ســـەدەی ١٤ی زایینییـــەوە کار بۆ نواندنـــەوەی فەلســـەفەی سیاســـی کردووە، ئێمە لەگەڵ دوو مۆدێلی جیاوازی وێنەسازی بـــەرەوروو دەبینەوە: یەکەمیان وێنەســـازیی خەیاڵی و ئەوەی دیکەشـــیان وێنەسازییەکی واقعییـــە. نەریتی وێنەی خەیاڵی دەگەڕێتەوە بۆ ئەشکەوتەکەی ئەفلاتوون کە لەو ڕێگایەوە هـــەوڵ دەدات پێوەندیی نێـــوان واقعییەت و حەقیقەت پیشان بدات. واقعییەت لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە ســـێبەرە دەســـتکاریکراوەکانی نێو ئەشـــکەوتەکەن کـــە زیندانییەکان وەک وێنەیەکـــی ڕاســـتەقینە دەبینیـــن، بـــەڵام حەقیقەت لە فەزای دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا بەدی دەکرێت کە زیندانییەکان دەستیان پێ ڕاناگات. بەم چەشـــنە حەقیقەت بۆ هەمیشە لە دونیای مێتافیزیکیدا جێگا خۆش دەکات. ئۆتۆپیـــای تۆماس مۆریش باس لە جیهانێکی ئایدیال دەکات کە پێی لەســـەر عەرزی واقع نییە و دەبێتە بەشـــێک لە خەونەکانی مرۆڤ بۆ ئاسوودەیی، خەونێک کە لەوانەیە مومکین بێـــت، بەڵام نامۆ بە جیهانی واقعییە. لەوانەیە وێنە خەیاڵییەکەی مارکس، کاتێ ماتریالیزمی دیالیکتیک بە بنەما دەگرێت و هەوڵ دەدات مەودای خۆی لەگەڵ مێتافیزیای ئەفلاتوونی و ئۆتۆپیای تۆماس مۆر دیاری بکات، دوایین هەوڵی وێنەسازە مێژووییەکان بێت بەڵکوو خەیـــاڵ لەگەڵ جیهانی واقعـــی و ئەزموونی ژیان ئاشـــت بکاتەوە. مارکس ئالەنگارییەکانی زەینی دەســـتکرد (واتـــە ئایدیالۆژی) لەگەڵ ئۆبـــژەی واقعیدا وەها فۆرموولـــە کرد بەڵکوو لـــە فۆرمـــی هاوکێشـــەیەکی دیالێکتیکیدا بگات بـــە ســـەنتێزی جیهانێکـــی ئۆپتیماڵ و ئایدیـــاڵ کـــە مرۆڤ چی دیکە بە دەســـتی مرۆڤ نەچەوســـێتەوە. بەڵام وێنە گەورەکەی مارکســـیش خەیاڵی دەرچوو، چونکە هەم لە ڕادەبەدەر ئانتاگۆنیستی و ئۆپتیماڵ بوو، هەم ئەو بەڵگانەی بۆ ڕەتدانەوەی ئایدیالۆژی وەک دەزگایەکـــی چەواشـــەکاریانە دەیهێنانەوە، مارکســـیزمی دوای مارکسیشـــی کـــرد بـــە ئایدیالۆژییـــەک کە بەرگەی واقعییەتی مێژوو نەگرێت و ڕەنگەکەی کاڵ بێتەوە.

سەبارەت بە وێنەســـازیی واقعی، سەرەتا پێویســـتە ئاماژە بـــەو ڕاســـتییە بکرێت کە وێنەکان بەشێکن لە خولیاکانی ئێمە چونکە ســـەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خەیاڵاندن و تیۆرییەکانمان. ڕاستە ئێمە وێنەکان لە زەینی

خۆماندا ساز دەکەین، بیریان لێ دەکەینەوە و لە فۆرمی خولیا و ئاواتەکانماندا وێنایان دەکەین، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هەموو وێنەیەک وەراست ناگەڕێت چونکە زۆر جار وێنەکان پێوەندییان بە ڕەوتی ڕووداوەکانەوە هەیە و تەنانەت لە دارشتنی ستروٚکتۆری تێگەیشتن و لێکدانەوەکانی ئێمە لەمەڕ ناسینی کردەوە و ئاراستە ڕەفتارییەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە (Boulding 1956). وەک لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەم پێ دا، مەبەست لە وێنە فۆرمێکی گوتارییە کە ئاماژە بە دیاردەیەکی گرنگ دەکات و تەنانەت لە شرۆڤەکانی ئێمەشدا دەر دەکەون. کەوایە هەوڵەکانی وێنەسازی بۆ ئەوەیە بەڵکوو واقعییەتە ئاڵۆزەکان سادە پیشان بدات. وێنەی واقعی، نواندنەوەی[۱] واقعییەتێکی دەرەکییە کە دەبێ لەگەڵ زەینی ئێمەدا تەبا و گونجاو بێت و بمانگەیەنێتە تێگەیشتن (دانشنامه آکسفورد ۱۳۸۷: ۷۷۴). لە بەشی دواییدا هەوڵ دەدەم وێنەسازیی واقعی لەم دۆخی ئینتزاعییە ڕزگار بکەم و بە هێنانەوەی نموونە لە وێنەسازییەکانی دوکتور قاسملوو، شیکارییەکی عەینیتر بۆ وێنەسازیی واقعی بکەم.

## چەند سەرنج لەسەر ڕیالیزم

کاتێ باس لە وێنەی واقعی دەکەین، دەبێ سەرەتا پێوەندییەکانی خۆمان لەگەڵ ڕیاڵیزمدا ڕوون بکەینەوە، چونکە ڕیاڵیزم قەبارە و پێوەری جیاوازی هەیە. بۆ نموونە «سووکە ڕیاڵیزم[۲]» ڕەهەندێکی زمانی-گێڕانەوەیییە و پێمان دەڵێت شتەکان لە دەرەوەی بیر و خەیاڵی ئێمەدا هەن کە لە ڕێگای وەسفکردنەوە دەتوانین بیهێنینە بەرچاو، مێتافیزیک و بەڵگەهێنانەوەی دین نموونەیەکن لە سووکە ڕیالیزم. «ڕیالیزمی زانستی[۳]»یش قایل بە فرەیی و تاقیکارییە، واتە ڕیاڵیزمێکی خەستە کە کارەکەی پێوان و سەلماندنە. بەڵام «ڕیاڵیزمی میانەڕەو[۴]» باسی دیالێکتیکی نێوان ئۆبژە و سووژە دەکات کە دامەزراوەیی کردن[۵] سێنتێزەکەیەتی. کەوایە ئەگەر وێناکردن ڕەهەندێکی زەینی بێت و لە ڕێگای پەسەندکردن، باوەڕکردن و تێگەیشتنەوە بسەلمێندرێت، دەبێ ئەو وێنەیە سەرەتا بیسەلمێنێت تا چەند سەربەخۆیە لە نواندندا و هەروەها تا چەند لەگەڵ ژینگەی ڕاستەقینە و ئەزموونی ژیاندا تەبایە (Berger og Luckmann, 2006).

فۆرم و نێوەڕۆکی ڕیاڵیزم لە جیهانی سیاسەتدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەو سێ نموونەیە کە ئاماژەیان پێ درا، بەڵام جیاوازیی ڕیاڵیزمی سیاسی پێوەندی بە فۆنکسیۆنی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە هەیە کە بە میکانیزمی هێز دەچێتە پێشەوە و تەنانەت زۆرجار هێز دەتوانێ واقعییەتی سیاسیش ساز بکات. هانس مورگێنتاو بە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی ڕیاڵیستی لە بابەت سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە. یەک لەو تیۆرییانەی کە مورگێنتاو لە کتێبەکەی خۆیدا، واتە سیاسەت لەنێوان نەتەوەکاندا[۶]، گیانی بە بەردا کردەوە؛ تیرمی ڕیاڵپۆلیتیک بوو. ئەگەرچی دەکارکردنی سیاسەتی ڕیاڵیستی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئینقلابەکانی ئۆرووپا و زیاتر بزاڤە سوسیالیستەکان سوودیان لەم تیرمە وەردەگرت، بەڵام پێناسەی بیسمارک بۆ سیاسەتی ڕیاڵیستانە ڕێخۆشکەر بوو بۆ شرۆڤەی ڕیالپۆلیتیک لە سەردەمی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی. بیسمارک پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی وەک تاکە پرەنسیب و هەروەها ڕاسترین سیاسەت بۆ دامەزراندنی سەروەریی سیاسی دەزانی و لەم سۆنگەوە مەودای خۆی لەگەڵ سیاسەتی ڕۆمانتیک دیاری کرد، چونکە پێی وابوو سیاسەت بە سۆز و ئاوات ناکرێ، سیاسەت هونەری

مومکینە، دیاردەیەکی ئۆبژەکتیڤ و ڕێژەیی‌یە (مورگنتا ١٣٧٤). مورگێنتاو ئەم چەمکەی لە چوارچێوەی تیۆرییەکی سیاسیدا داڕشتەوە و لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە ئیتر ڕیاڵپۆلیتیک دەبێت بە بنەما بۆ تێگەیشتن لە ململانێی نێوان حکومەتەکان و پاراستنی بەرژەوەندیی دەوڵەت-نەتەوەکان. بە کورتی، خوێندنەوەکانی مورگێنتاو پێوەندیی بە پرەنسیبی دیپلۆماسی و میکانیزمەکان بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێز، ئەخلاقی نێونەتەوەیی، ڕای گشتیی جیهانی و هەروەها مافی نێونەتەوەیی‌یەوە هەیە کە چاوەدێریی بەرژەوەندی و ململانێی نێوان دەوڵەت-نەتەوەکان دەکات و یاسا و سزایان بۆ دیاری دەکات. ئەو شتەی لە بۆچوونەکانی مورگێنتاودا بەرچاو دەکەوێت، هەڵسەنگاندنی نێوان ڕۆمانتیزمی سیاسی، ئەخلاقی سیاسی و ڕیاڵپۆلیتیکە کە بە چەشنێک ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی بیسمارکیشە. ڕۆمانتیزمی سیاسی، نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بە بنەما دەگرێت بەڵام هێز و ئەوتۆریتی، پرەنسیپێکی بنەمایی‌یە بۆ ڕیاڵپۆلیتیک. سەبارەت بە ئەخلاق لە سیاسەتدا، تەنانەت تیۆریسییەنە مۆدێرنەکانیش بەم قەناعەتە گەیشتوون کە پرسی ئەخلاق لە سیاسەتدا زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە حکومەتەکان سیاسەتی پێ بکەن، چونکە ئەو شتەی لای بەشێک لە ڕای گشتی وەک ئەخلاق پێناسە کراوە، دەتوانێ لای بەشەکەی دیکە نائەخلاقی بنوێنێت و زیانی بۆ کۆمەڵگا زۆرتر بێت. کەوایە سیاسەتی ڕۆمانتیک، ئەخلاقی دیۆنتۆلۆژیک بە بنەما دەگرێت کە ڕەچاوی کەرامەتی مرۆڤ و ئەرکەکانی دەکات، بەڵام ئەخلاق لە سۆنگەی ڕیاڵپۆلیتیکەوە دەرەنجامخوازە[٧] و بەرژەوەندیی نەتەوەیی کە لە یاسای بنچینەیی وڵاتەکانیان پێناسە کراوە، بە بنەما دەگرێت. وابزانم «جۆرج کێنان» بە زمانێکی گونجاوتر پێوەندیی نێوان ئەخلاق و ڕیاڵپۆلیتیک شی دەکاتەوە کاتێ دەڵێت: گرنگترین ئەرک بۆ دەسەڵاتی سیاسی، پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتەکەیانە نەک جێبەجێکردنی بۆچوونە ئەخلاقییەکانی هاوڵاتییان (لیک ١٣٨٧). کەوایە ڕیاڵپۆلیتیک یانی پاراستن و گەشەپێدانی بەرژەوەندیی وڵاتان و ئەم سیاسەتەش تەنیا بە هێز جێبەجێ دەکرێت. هێز لە ڕاستیدا چوارچێوە ئەخلاقی و تیۆریکەکانی ڕیاڵپۆلیتیکیش دیاری دەکات، کەوایە بەر لە ڕیاڵپۆلیتیک هێز هەبووە و بە دوای ڕیاڵپۆلیتیکیشدا دیسان هێز بڕیاری کۆتایی‌یە.

## وێنەی واقعی لە هەرێمێکی پڕکێشەی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

پێوەندیی قاسملوو بە ڕیاڵیزم و هەروەها ڕیاڵپۆلیتیکەوە، لە گوتار و نووسینەکانیدا بەرچاو دەکەوێت. لە ڕووی مێتۆدۆلۆژییەوە، کاتێ پرسی کورد و داڕشتنی ستراتیژییەکی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دەخوێندرێتەوە، بەراوردکردنی تیۆر و واقعییەت بە بنەما دەگرێت. بۆ نموونە کاتێ باسی سوسیالیزم دەکات دەڵێت: «فەرقی ئێمە لەگەڵ زۆربەی ئەو دەستە و تاقمانە ئەوەیە کە ئەوان هەوڵ دەدەن واقعییاتی وڵاتەکەمان لەگەڵ تیۆرییەکەیان ڕێک بخەن و، ئێمە بە پێچەوانە، دەمانهەوێ بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆری و ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی وڵاتانی دیکە و دەرسەکانی جووڵانەوەی مێژووی گەلی کورد، تیۆرییەکە بە جۆرێک ڕێکوپێک بکەین کە وڵامدەری واقعییەتی هەڵقوڵاوی وڵاتەکەمان و گەلەکەماندا بێ» (قاسملوو ٢٠٠٣: ٥٠). سەبارەت بە ڕیاڵپۆلیتیک، بۆچوونەکانی لەگەڵ ئەو چوارچێوە تیۆریکە کە پێشتر ئاماژەمان پێ دا، هەماهەنگە و زۆر بەباشی لە بەربەستە بەرچاوەکانی ڕیاڵپۆلیتیک و هەروەها ناکۆکیی ئەم تیۆرە لەگەڵ ڕۆمانتیزمی سیاسی و ئەخلاقی سیاسیدا شارەزایە. کەوایە لە کاتی وێنەسازییەکەیدا لە بیری

ناچێتەوە لە کوێی ئەم جیهانەدا سیاسەت دەکات. بۆ نموونە لە تەعامول لەگەڵ هزرە سیاسییەکاندا ڕەوەندێکی پراگماتیک دەگرێتە بەر و دەڵێ: «... مێژوو قانونی تایبەت بەخۆی هەیە. تیۆرییەک بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ دادەنرێ، بەڵام ڕەوڕەوەی مێژوو کۆمەڵ بەرەو جێگایەکی دیکە دەبا، ئەمجا تیۆری ناچارە خۆی لەگەڵ واقعییەت ڕێک بخات» (قاسملوو ۲۰۰۳: ۲۱). لەوانەیە ئەم تێگەیشتنە مێژوویی‌یە هانی دابێت کە لە دارشتنی وێنە گەورەکەیدا وردبینانەتر و وەسواستر بێت، بۆ نموونە لە نامیلکەی «دروشمی بنەڕەتیی حیزبەکەمان» لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە بۆچی سەربەخۆیی دروشمی ستراتیژیکی حیزبەکەی نییە، سەرەتا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دابەشبوونی کوردستان دابەشبوونێکی «دەستکردە» و «سرووشتی» نییە، بەڵام: «ئەگەر واقعبینانە بیر بکەینەوە [...] وەزعی «استراتیژیکی» و «ژئۆپۆلیتیکی» ئەوە کە پێی دەڵێن جوغرافیای سیاسی هیچیان ڕێگا نادەن کە ئێمە بتوانین سەربەخۆیی کوردستانی ئێران بپارێزین» (قاسملوو ۱۳۷۳: ۱۲). ئەم تێبینییە تەنانەت لە شێوازی تەعامول و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە بەرچاو دەکەوێت کە بە شێوەیەکی دەستکرد کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە؛ لە لایەکەوە سەربەخۆیی سیاسیی حیزبەکەی بۆ گرنگە و لە لایەکی دیکەشەوە پێوەندی سازکردن بەهەند دەگرێت. لە کاتی تەعامولدا یەک لە پرەنسیبەکانی دیپلۆماسی تێبینی دەکات کە لەگەڵ نێوەرۆکی ڕیاڵپۆلیتیکدا بێتەوە، واتە وەرگرتنی پشتیوانیی سیاسی و بەفەرمی ناسینی حیزب و دۆزی ڕەوای گەلەکەی. بە واتایەکی دیکە نە دوژمنایەتییان دەکات و نە لە تەعامولەکانیدا هێندە دادەبەزێت کە پرستیژی حیزبەکەی بشکێت (ibid).

بە سەرنجدان بەو نموونانە دەتوانین پێوەندیی قاسملوو لەگەڵ ڕیاڵیزمدا لە چوارچێوەی ڕیاڵپۆلیتیک و ڕیاڵیزمی میانەڕەودا بگونجێنین و بەتایبەت لەو کاتانەدا کە حیزب (واتە دامەزراوە) دەکات بە سەنتێز بۆ ڕیاڵیزەکردنی وێنە گەورەکەی. بەڵام وێنەیەکی واقعی دەبێ هەڵگری دینامیزمی حەقیقەتیش بێت، بەڵکوو لە کاتی بەراوردی وێنەکە لەگەڵ مەرجەکانی سەردەمدا بگونجێت و گرفتاری چارەنووسی وێنە ئۆتۆپیاییەکان نەبێت. بۆ ئەم مەبەستە ڕوانگەی ڕەخنەگرانە ڕۆڵی بونیاتنەرانەی دەبێت بۆ واقعیی نواندنەوەی وێنە گەورەکان. ئەو پێی وایە گرنگیدان بە ڕەخنەگری و ڕەخنەوەرگری جیدییەت و بەرپرسیارەتیی حیزبەکەی دەسەلمێنێت: «پێشڕەوبوون و ڕادەی شۆڕشگێربوونی هەموو حیزبێکی سیاسی لەوەڕا دەر دەکەوێ کە چۆن سەیری ڕابردووی خۆی و بەتایبەت هەڵەکانی خۆی دەکا. حیزبی شۆڕشگێر نابێ لەوە بترسێ کە گۆیا بە باسی هەڵەی ڕابردوو دوژمنی شاد دەبێ، یا لە ئیعتباری حیزبەکە کەم دەبێتەوە. بە پێچەوانەوە پێ‌لێنان و ڕاستکردنەوەی هەڵە و چەوتییەکانی ڕابردووی تێکۆشان ناوبانگی حیزب لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەباتە سەرێ و جیددی بوون و بەرپرس بوونی حیزبەکە نیشان دەدا» (قاسملوو ۱۳۷۸: ۵۹). بۆ کەسێکی ڕیاڵیست ئاشکرایە کە پەسەندکردنی ڕابردووی حیزب و پێداهەڵگوتنەوەی بۆ خەباتی هەنووکەیی حیزبەکەی، تەنیا یەک ئاکامی لێ دەکەوێتەوە و ئەویش بەرهەمهێنانەوەی ئەو دۆخەیە کە تووشی چەوتی کردووە و لە ئەنجامدا بزووتنەوەکە لە زڵکاوی زەمەندا دەچەقێت.

## بەستێنەکان بۆ نەخشاندنی وێنە گەورەکەی کورد

پرسی نەهێشتنی چەوساندنەوە یەک لە مشوورەکانی دوکتور قاسملوودا بوو کە لە گشت بابەت و لێدوانەکانیدا بە ڕوونی دەر

دەکەوێت و بەیان دەکرێت. بە واتایەکی دیکە گشت بۆچوون و کارە مەیدانییەکانی قاسملوو لە دەوری بازنەیەکدا دەخولێتەوە کە لابردنی ‹چەوساندنەوە› ناوەندەکەی پێک دەهێنێت. چەوساندنەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و لە هەمان کاتیشدا مێژوویی‌یە. ئێمە نازانین چەوساندنەوە کەی بووەتە دیاردە، بەڵام دەزانین پرسی داد کەی دەبێتە پرسیارێکی سەرەکی بۆ فەلسەفە و دواتریش سیاسەت. بۆ نموونە چەمکی داد لە کتێبی «ئەخلاق»ی ئەرەستوودا، لەسەر بنەمای هاوسەنگی[٨] دارێژراوە (Aristoteles 2013)، بەڵام لای ئەفلاتوون و لە نامیلکەی «گارگیاز[٩]»دا یەکسانی[١٠] بە بنەما گیراوە (Platon 1989) مەبەست لە هاوسەنگی ئەوەیە کە مافی تاک لە کۆمەڵگەدا بە پێی لێهاتوویی و کردەوەکانی دیاری بکرێت، واتە تایبەتمەندیی سرووشتیی تاکەکان لەبەرچاو گیراوە. بەڵام پرسی داد لای ئەفلاتوون بە پێی دوو پارامێتری «نیاز» و «یەکسانی» دیاری کراوە و دواتر دەبێت بە بنەمایەک بۆ ئەم پرسیارە: نێوەرۆکی دەسەڵاتی سیاسی تا چەند وەڵامدەری یەکسانی و نیازی مرۆڤە؟. کەوایە ئینساف رۆڵی هەیە لە دیاریکردنی هاوسەنگیدا و هەروەها نەهێشتنی چەوساندنەوەش دەبێت بە مشوورە سەرەکییەکەی یەکسانی و یەک لە پرسیارە رژدەکانی هزرە سیاسییەکان لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمیشدا. هاوسەنگی جێگای خۆی لە سیستەمی داد و تاوانناسیدا گرتەوە، بەڵام یەکسانی رێی لە داڵانە تاریکەکانی سیاسەت و پرسە ئاڵۆزەکانی دەسەڵات کەوت.

ئەگەر تیشکی داد، کە یەکسانی بە بنەما دەگرێت و لە دژی چەوساندنەوەیە، لە وێنە خەیاڵییەکەی توماس مۆر بگرین، لەوانەیە پێوەندییەک لەنێوان وێنەی سوسیالیزمی خەیاڵی و بزاڤە هیۆمانیستییەکانی سەدەی هەژدەهەم، نوزدەهەم و تەنانەت بیستەمیش بدۆزینەوە. سەلماندنی ئەم تیۆرە بۆ من زەحمەتە و لە راستیدا خوێندنەوەکانی من لەو ئاستەدا نییە کە وەها ئیدەعایەک بسەلمێنم، بەڵام با ئەم بۆچوونە وەک «ئەگەر» لەبەرچاو بگرین و لە خۆمان بپرسین؛ ئەگەر وێنە خەیاڵییەکەی سوسیالیزم لە ئارادا نەبوایە، ئەگەر چەوساندنەوە پرسیاری واقعیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەبوایە، تۆ بڵێی چ پاڵنەرێک دەیتوانی کارل مارکسێکی قەرزدار، کرێچییەکی مایەپووچ و نیشتەجێ لە گەرەکێکی هەژارنیشین وا لێ بکات کە بە زگی برسییەوە لە دوای پێوەندییەکانی کار و دەستمایە بگەرێت و لە ئەنجامدا بگات بە دیاردەی «زێدەبایی»، لە کەفوکوڵی زێدەباییشدا هەناسەی ساردی چەوساوەکان بەدی بکات و دواجار سەنتێزێک بۆ ریالیزەکردنی سوسیالیزمێکی زانستی بدۆزێتەوە؟ کەوایە پرسی چەوساندنەوە جیددیترین پرسیاری مرۆڤە و ئەم پرسیارە نەک فەلسەفە، بەڵکە سیاسەت و لقەکانی دیکەی زانستی کۆمەڵایەتی و هەروەها بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانیشی بەخۆیەوە خەریک کردووە بەڵکوو لە دوای وێنەیەکی گەورەتر بگەرێن کە لەودا جێگایەک بۆ چەوساندنەوە نەمێنێت.

زستانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی و لە وتووێژێکی لەگەڵ رادیۆ «دەنگی کوردستانی ئێران»، دوکتور قاسملوو بزووتنەوەی کورد وەک بزووتنەوەیەکی دێمۆکراتی و «ئینساندۆست» پێناسە دەکات. کەوایە بزووتنەوەیەک کە مرۆڤ بە بنەما دەگرێت، دەبێت وەڵامێکی روونیشی بۆ کێشە سەرەکییەکانی مرۆڤ کە یەک لەوانە پرسی چەوساندنە، پێ بێت. هەر لەو وتووێژەدا مکوورە لەسەر ئەوەی کە ئەو مافانەی نەتەوەی کورد خەباتی بۆ دەکات، داوایەکی تایبەت یا ئیمتیازێک نییە کە دەبێ بۆ کورد لەبەرچاو بگیرێ، بەڵکە داوایەکی رەوا و مرۆیی‌یە کە لە بەیاننامەی جیهانیی

مافی مرۆڤدا هاتووە. بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە؛ چ شتێک پرسی چەوساندنی پرسی کورد لە پرسەکانی دیکەی مرۆڤ جیا دەکاتەوە؟ لەوانەیە وەلامی ئەم پرسیارە لە نامیلکە بەناوبانگەکەیدا، واتە «کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزم» ببینینەوە.

نامیلکەی کورتەباس (٢٠٠٣) لە ڕاستیدا وەڵامێکە بۆ سێ پرسیاری سەرەکی: **١** بۆچی سوسیالیزم لە بەرنامەی حدکادا هاتووە؟ **٢** ئەو سوسیالیزمە دەبێ چۆن دابمەزرێ و هەروەها دەبێ چۆنیش دانەمزرێ. **٣** دیاریکردنی چوارچێوەیەکی دیپلۆماتیک بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی لە سەردەمی شەڕی سارددا. لە پێوەندی بە سوسیالیزم نووسەر لە بیری ناچێتەوە کە حیزبەکەی حیزبێکی مارکسیستی نییە، بەڵام ئەگەر سوسیالیزم زانستی بێت، ئەوانیش مافی ئەوەیان هەیە کە سوسیالیزم بە بنەما بگرن بۆ نەهێشتنی پرسێکی گرنگی وەک ستەمی کۆمەڵایەتی، چونکە زانست موڵکی کەس نییە (قاسملوو ٢٠٠٣). لێرەدایە کە دەبێ بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین کە حدکا و بەتایبەت قاسملوو چۆن پێناسەی چەوساندنی کورد وەک کۆمەڵێکی مرۆیی دەکات و ئەو تایبەتمەندییانە چین کە حدکا بەر لەوەی ئاوێتەی خەباتێکی وەها بێتەوە، دەبێت خوێندنەوەیەکی مۆدێرن بۆ مەزن تیۆرییەکی وەک سوسیالیزم بکات؟ لە کورتەباسدا بە ڕوونی ئاماژە بە دوو هۆکار کراوە: یەکەم پرسی ئازادییە و ئەوەی دیکەش تایبەتمەندیی مۆدێلی چەوساندنی کوردە کە ئەو بە ناوی «پۆلی ستەم[١١]» ناوی دەبات، واتە فرەییی چەوساندنەوە (ibid). بەڵام یەک لە تایبەتمەندییەکانی پۆلی ستەم لەوەدایە کە لە چەند لایەنەوە چەوساندنی کوردی بندەست هاوبەش دەکات لەگەڵ چەوساوەکانی نەتەوەی باڵادەست کە دەبێتە هۆی ئەوە پرسی چەوساندنی کورد کەمێ ئاڵۆز بکات.

لە کورتەباسدا چەوساندنەکان وەها پۆلبەندی کراون: ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی کۆمەڵایەتی و ستەمی سیاسی. وەک دیارە لەمەڕ چەوساندنی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کورد هاوبەشە لەگەڵ گەلانی ئێران و ئەو شتەی کە پرسی کورد جیا دەکاتەوە، چەوساندنی نەتەوایەتییە. مێژووی ئیستبدادی سیاسی لە ئێراندا بووەتە هۆی ئەوە کە پرسی نەتەوە بندەستەکانی ئێران لە پەراوێز بخات. هۆکارەکەش سادەیە؛ بۆچی ئێرانییەکان دەبێ چەوساندنی نەتەوەیەکی بەکەمینەکراو بە هەند بگرن لە کاتێکدا بۆخۆیان بەرەورووی چەوساندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوونەتەوە؟ لە لایەکی دیکەوە هێزە سیاسییەکانی ئێران و تەنانەت کارناسانی سیاسی و کۆمەڵایەتیش لە لێنزی خۆیانەوە سەیری پرسی کورد لە ئێران دەکەن و سرووشتییە ئەزموونی خۆیان لەمەڕ چەوساندنەوە، بۆ کوردیش تەعمیم بدەنەوە. واتە سەرچاوەی چەوساندنەوە بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی گرێ بدەنەوە، بەڵکوو گەشەی ئابووری بتوانێ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پرسی کوردیش چارەسەر بکات. ڕەخنە سەرەکییەکەی دوکتور قاسملوو لەسەر سوسیالیزم لەم گۆشەنیگایەوە دەست پێ دەکات کە نوخبەی چەپ، ئابووری بە بنەما دەگرن، لە کاتێکدا گرفتە قەبە و سەرەکییەکەی ئێران ڕەهەندی کولتوورییە، واتە ئازادی و دێمۆکراسی. گەلانی ئێران و بەتایبەتی نەتەوەی کورد سەدان ساڵە بە دەست ڕێژیمە ئیستیبدادییەکان چەوساوەتەوە و خەبات بۆ ئازادییە سیاسییەکان سەرەکیترین و واقعیترین ئەکتی سیاسییە، هەر بەم هۆیە دێمۆکراسی وەک قۆناغی یەکەم لەبەرچاو گیراوە و چارەسەرکردنی چەوساندنی کۆمەڵایەتی دەچێتە قۆناغی دووهەمەوە (قاسملوو ٢٠٠٣).

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە داخوا

دیمۆکراسی دەتوانێ چارەسەری گرفتی نەتەوایەتی بکات؟ هەڵبەت پێویستە پێش مێژوو نەکەوین، قاسملوو نەوەی سەردەمی خۆیەتی، واتە فازی یەکەمی دیمۆکراتیزاسیۆن کە دیمۆکراسی وەک ئامانج و دەراوێکی ڕوون بۆ تێپەڕین لە ڕێژیمە تۆتالیتێرییەکان دەبینی. فازی یەکەمی دیمۆکراتیزاسیۆن بە خێراییەکی بەرچاو کۆتایی بە حکومەتە توتالیتێرەکان هێنا و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەو وڵاتانەی بەرەو دیمۆکراسی دەڕۆیشتن، ڕووی لە زیادبوون دەکرد. قاسملوو لەو سەردەمەدا نەژیا کە بە چاوی خۆی دیاردەیەک بەناوی «هایبرید-دیمۆکراسی» ببینێت کە چۆن لە بەشێکی جیهاندا خەونی دیمۆکراتیزاسیۆنی شێواند. مەبەست لە هایبرید-دیمۆکراسی ئەو حکومەتانەیە کە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد لە توتالیتاریزم تێپەڕین، بەڵام دیمۆکراسی لەو وڵاتانەدا هێندە ڕادیکاڵ نەبوو کە خەڵک هەست بەوە بکات حاکمی چارەنووسی خۆیانن و بە پێچەوانە دیمۆکراسی بوو بە میکانیزمێک لە خزمەت بەرهەمهێنانەوەی ئەوتۆریتیی هێندێ کەس و گرووپە تایبەتەکان، بەڵکوو پەرە بە دەسەڵاتە سیاسی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بدەن. ئەم بۆچوونە بە لامانەوە نامۆ نییە کە یەک لە ئاڵەنگارییەکانی دیمۆکراسی خودیی دیمۆکراسییە و زۆرجار دەبێتە هۆی «دی-دیمۆکراسیزاسۆن»، چونکە زۆرجار دەبینین کە دەنگی زۆرینە، شانسی دەسەڵاتی توندئاژۆکان (چەپ، ڕاست، ئایینی و پان ئەتنیکی) دەباتە سەرەوە و سرووشتییە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەییدا، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە کەمینەکراوەکان قەت لە سندووقی دەنگدان نایەتە دەر. هەر لەم پێوەندییەدا لە وتووێژێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی «ئێگێن» (۱۹۸۷) کە لە باسکی ئیسپانیا دەر دەچوو، دەنگدانی گشتی بۆ مافی نەتەوەکان بە دیمۆکراتیک نازانێت: «ئەگەر ڕێژیمێکی دیمۆکراتیک لە وڵاتێکدا هەبێ، ئەوا زۆرینە بڕیار دەدا و کەمایەتی پەیڕەوی دەکا. بەڵام لەوەدا کە پێوەندی بە مەسەلەی میللییەوە هەیە جێی خۆیەتی کەمایەتیی نەتەوەیی بڕیار بدا و مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەبێت» (ڕۆژنامەی کوردستان ۱۳۶۶). ئەم بۆچوونە پێوەندی بە تێگەیشتنی کەمینە نەتەوەیییەکانەوە هەیە لەمەڕ لابردنی چەوساندنەوە، بۆیە لە وەڵامی ڕۆژنامەی «راه ارانی»شدا ئاماژەی پێ داوەتەوە: «تەنیا ئەندامانی گەلێکی زۆرلێکراون کە هەست بەو ستەمە دەکەن و هەر بۆیەش دەتوانن تێبگەن لاچوونی ستەم چییە؟ ئەویش ئەوە کە خەڵک دەبێ هەست بەوە بکەن کە لە نیشتمانی خۆیاندا بێگانە و هاوڵاتیی دەرەجە دوو نین و لەو ناوچەیەی تێیدا دەژین، بەسەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵن» (ڕۆژنامەی کوردستان ۱۳۶۷).

سەبارەت بە ئازادی لە کورتەباسدا ئاماژە بە مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست کراوە کە مارکس و ئەنگێڵس بە ڕاشکاوی باسیان لە ئازادی وەک ئامانجی حیزبی کۆمۆنیست کردووە: «ئێمە کۆمەڵێکمان دەبێ کە لەودا گەشەکردنی ئازادانەی هەر کەس، شەرتی گەشەکردنی ئازادانەی هەمووانە.» (قاسملوو ۲۰۰۳: ۳۸). لەم گۆشەنیگایەوە ئازادی یەک لە میکانیزمەکانی بزاڤە سوسیالیستییەکان بوو کە ئیستالینیزم بە هێنانەوەی تیۆریی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بەربەستی بۆ ساز کرد. لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەنووس عاتیفە گۆرگین لەمەڕ چییەتی و چۆنایەتیی ئەو دیمۆکراسییەی کە حدکا باوەڕی پێیەتی، دەڵێت: «... پرسیارمان لێ دەکەن ئێوە باوەڕتان بە دیمۆکراسیی گەلییە یا دیمۆکراسیی بورژوایی؟ ئێمەش دەڵێین هەر دیمۆکراسی» (گرگین: ۳۲-۵۴) ئەم وەڵامە دەکرێ پێوەندیی بەم بۆچوونەوە هەبێ کە دیمۆکراسی نابێ ئایدیالۆژیزە بکرێت بەڵکە

دەکـــرێ ئایدیالـــۆژی دیمۆکراتیـــزە بکرێت. پێناســـەی قاسملوو بۆ دیمۆکراسی ئازادییە و ئازادی نەک وەک پێشـــمەرجی دیمۆکراسی، تەنانەت بۆ ئایدیالۆژی و گەشەســـەندووییش زەروورە: «هیـــچ گومان لـــەوەدا نییە کە هەر کام لە وڵاتانی سوسیالیســـتی، لیوەشاوەیی ئەوەیان هەیـــە تەنگوچەڵەمەکانی دامەزرانی سوســـیالیزم لەنێو بەرن. بـــەڵام بۆ ئەم کارە بەشـــداریی هەموو خەڵک پێویستە و هەوەڵ هەنـــگاو ئەوەیە کە بـــە خەڵک ڕێگا بدرێ بە ئازادی نەزەری خۆی لەسەر گیر و گرفتەکان دەربـبـــڕێ و بیرورا ئاڵوگۆڕ بـــکا. لێرەدایە کە مەســـەلەیەکی زۆر ئەساسی واتە دیمۆکراسی دێتە گۆڕێ» (قاسملوو ٢٠٠٣: ٣١). بۆچی ئازادی دەبێ جەوهەرەی دیمۆکراســـی بێت؟ بەڵکوو «... [خەڵک] هەســـت بەوە بـــکا کە حاکمە بەســـەر چارەنووسی خۆیدا» (قاســـملوو ١٣٧٣: ٥). ئەگـــەر دیمۆکراســـی مافـــی دیاریکردنی چارەنووس دەســـتەبەر نەکات، ئەگەر خەڵک ئازاد نەبن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، بە بۆچوونـــی قاســـملوو: «... هەرچی لەباری ئابووری و فەرهەنگییەوە ئیعتباریشی بدرێتێ، هیچ نەتیجەیەکی ئەوتۆی نابێ» (ibid: ٦).

## وێنەیەکی گشتگیر و فرەڕەهەند

لە ســـەرەتای ئەم وتـــارەدا ئامـــاژە بە وێنە دیوارییەکەی لۆرێنتســـێتی و پێوەندییەکەی بـــە فەلســـەفەی سیاســـییەوە درا، بەڵام ئەو وێنەیە لە بـــاری فەزا-کاتەوە زۆر جیاوازەترە لە وێنەی ســـەدەکانی دوای لۆرێنتســـێتی. وێنەکانی لۆرێنتســـێتی عەینین، واتە وێنەی دوو سیستەمی حوکمرانیی پیشان داوین کە لە سەردەمی خۆی و لەو وڵاتەی تێیدا ژیاوە، تاقی کراوەتـــەوە. بەڵام وێنەی ســـەدەکانی دواتر زەینـــی و نۆرماتیڤن، واتـــە ڕوویان لە داهاتووە و هەروەها لە باری فەزا-کاتیشەوە لە سەردەمێکی ئاڵۆزتر و ئینتەزاعیدا نەخشاون. بـــەڵام بە گشـــتی هـــەر دوو وێنـــەکان لە نیوەڕۆکدا بە دوای وڵامێک بۆ ئەم پرسیارەن: نیوەڕۆک و کارکردی فەلســـەفەی سیاســـی چییە؟ لە بەشـــێکی دیکـــەی وتارەکەدا و بە نموونەهێنانەوە لە وێنە خەیاڵییەکان، تیشک خرایە ســـەر پرســـێکی گرنگ کـــە دەتوانێ وێنەی خەیاڵی لە وێنەی واقعی جیا بکاتەوە، واتە ڕەگێکی ڕیاڵیســـتییانە کە لەگەڵ زەینی ئێمـــە تەبـــا و گونجاو بێـــت و بمانگەیەنێتە تێگەیشتن. بێگومان خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە یـــەک لـــە ســـەرەکیترین مێتۆدەکانـــە بۆ ڕوونکردنـــەوە و تێگەیشـــتن، بـــەڵام ڕەخنە دەبێ ئەوەندە ئۆبجەکتیـــڤ بێت کە بتوانین ســـتراتیژییەکی نوێی لەســـەر دابمەزرێنین. وێڕای خوێندنەوەی مێتۆدۆلۆژییانەی پرســـی کورد، تایبەتمەندییەکی دیکەش بۆ وێنەسازی زۆر گرنگـــە و ئەویش ڕوانینـــی هونەرییە بۆ نواندنـــەوەی گوتار. چونکە هـــەر هونەرمەند دەتوانێ شـــتەکان وەها بنوێنێتەوە کە ناچار بە تێفکرینمان بکات، لێیـــان ڕابمێنین و لە ڕەهەندێکی دیکەوە ســـەیری جیهان بکەین کە پێشـــتر نەدەهاتـــە بەر چاومـــان. کەوایە بیرکردنەوە لەمەڕ دیاردە و پرسە جیددییەکان و لە ئەنجامدا بڕیاری هەڵوێســـتەکردنی ئێمە نایەتـــە دی، ئەگـــەر ڕوانیـــن و هزراندن لە ئاستێکی بەرزترەوە سەیری دیاردە و ئۆبژەکان نەکات و دواجار لـــە چوارچێوەی وێنەیەکی هونەریدا پیشـــانمان بداتەوە. هەڵبەت فڕینی بەرزیـــش نایەتە دی، ئەگـــەر مرۆڤ خۆی لە ئەشکەوتەکەی ئەفلاتوون ڕزگار نەکات (واتە دۆگمەکان) و پەنجە بۆ پرچی زێڕینی خۆری ئازادی نەبات. یەک لە هەڕەشە جیددییەکانی دیکەش بـــۆ وێنەکانی ســـەدەی بیســـتەم، دیـــاردەی پێوەندییـــە نێونەتەوەیی‌یـــەکان و شـــەڕی بەرژەوەندییەکانیـــان بـــوو کە لە چوارچێـــوەی تیۆریی ڕیاڵپۆلیتیکدا گونجاون، واتە ئاراستەی سیاســـەت لە خزمەت بەهێز مانـــەوە و پاراســـتنی بەرژەوەندیی دەوڵەت-نەتەوەکان.


هەرچەنــد لەم وتارەدا چەنــد جار ئاماژە بە بۆچوونــی میلێر لەمــەڕ پێوەندیی نێوان وێنەکانی لۆرێنتســێتی و نێوەرۆکی فەلسەفە دراوە، بــەڵام ســترۆکتۆری وتارەکە مەجالی نەدا فەلســەفەی سیاسی شرۆڤەیەک بکەین. فەلسەفەی سیاسی لە ڕوانگەی «لیۆ ستراوس» پێوەندی بە بنیاتنانــی کۆمەڵگایەکی باش و دامەزراندنــی ژینگەیەکی سیاســییەوە هەیە کە مرۆڤ تێیدا هەســت بە «شادی»، تەناهی، ئــازادی و بەختەوەری بکات. کەوایە پرســی فەلسەفەی سیاسی دەبێ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت لەگەڵ ئامانجەکانی سیاســەت کە لە ســەردەمی یۆنانی کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ هاتووە. بەڵام ئێمە لە ســەردەمێکدا دەژین کە هزرە سیاسییەکان ئاراســتە و کارکردی سیاسەت دیــاری دەکــەن و بێگومــان ڕەنگدانەوەیان لەســەر وێنە گەورەکانیشــدا دیــارە. هزرە سیاســییەکان لە سەدەی نۆزدەی زایینییەوە تا دێ مەودا لە فەلســەفەی سیاسی دەگرن و زیاتر خۆیان بــە تەعامولێکی نۆرماتیڤانەوە سەرقاڵ دەکەن بۆ پێناسەکردنەوەی سیمبول و ســووژەکانی سیاســەت. لــەم قۆناغــەوە پرۆژەی هزرە سیاسییەکان نەک وەدیهێنانی ئامانجەکانــی فەلســەفەی سیاســی بەڵکە چۆنایەتیی ڕاڤەکردنەوەی فەلسەفەی سیاسی و پێناســەکردنەوەی بەختــەوەری، ئازادی و شــادییە لەســەر بنەما فکرییەکانی خۆیان. جیاوازییەکانــی هزری سیاســی بە بۆچوونی ســتراوس لــە تێفکرین لەمــەڕ هەلومەرجە سیاســییەکانی ڕۆژدا دەر کــەوت کــە لــە ئەنجامدا هێڵی گشــتی و هەروەها بۆچوونی جیاوازی لێ کەوتەوە، بەڵکوو لە چوارچێوەی کۆمەڵێ پرنســیبی سیاســیدا هەڵوێستەیان لەســەر بکرێت و ڕای گشــتی بەســەر ئەو پرەنسیب و ڕوانگانەدا دابەش بکەن (Strauss 1988). بۆ نموونە ئازادی لای لیبەڕالیستەکان چ مانایەکی هەیە و لای سوسیالیســت چۆن پێناسە دەکرێت، ئەولەوییەتەکانی لیبەڕالیزم بۆ شــادی و بەختەوەری چین و سوسیالیزم چی بــە بنەمــا دەگیرێــت و... دەرکەوتەی مەودایەکی وەها بە بۆچوونی ســتراوس، ئەوە بوو کە هزرە سیاسییەکان گرفتاری دووانەی «مەعریفەی سیاســی» و «گومانی سیاســی» دەبــن و بەداخــەوە باڵــی گوماناوییەکــەی دەڵەمەتــرە و زۆرجار ڕەهەنــدی مەعریفەی سیاسەت دادەپۆشی (ibid). چاوپۆشی کردن لە فەلســەفەی سیاســی کــە داد و ئەخلاق بە بنەمــا دەگرێــت، هزری سیاســی وەها مەســخ کردووە کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە کارکردەکــەی بووەتە مشــتوماڵ کردنەوەی ئاوێنــە ژەنگاوییەکانی ئایدیالۆژی و تا دێ لە ئامانج و وێنە سیاسییەکان دوور دەکەونەوە و بە کردەوە لە بازنەی بەرتەسکی ڕیاڵپۆلیتیکدا هەوڵ بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات دەدەن. ئــەم دۆخە بە ئاقارێکــدا دەڕوات کە زۆرجار پێکهاتە سیاســییەکان لە پێناو بەرژەوەندیی مۆنۆپۆلەکانــی هێــز و ســەرمایە و هەروەها پاراستنی ماتریسێک کە لە زانستی سیاسیدا بە دەوڵەت-نەتەوە سەلمێندراوە، چاوپۆشی لە ئامانجە بەرزەکانی مرۆڤ بکەن کە بریتییە لە داد، عاملییەتی تاک و ســووژەی مرۆڤایەتی. واقعییەتــی ئەم ماتریســی سیاســییە وەها عەینییە کە قاســملوو لە وتووێژێکی لەگەڵ گۆڤــاری «اصیاد» دەڵێــت: «... لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سیاسەتێکی ڕوونت هەبێ، کارێکی دژوارە چونکــە لە تــەواوی بوارەکاندا لەگەڵ گیروگرفتــی زۆر بەرەوڕوو دەبــی» (ڕۆژنامەی کوردستان ١٣٦٤).

لەو ســەردەمە تووشــەدا و لــە گێژاوی ئاڵۆزییەکــی وەهــا، لە بەرانبەر ئەو کۆســپە جیددییانەدا کە لەســەر ڕێگای فەلســەفەی سیاســی و وێنەســازییەکاندا هەبوون، هەر لەو ڕۆژهەڵاتە کۆمپلێکســەی ناوەراســتەوە، هیومانیســتێک کە باش دەیزانی پراگماتیزم لــە مەیدانی ڕیاڵپۆلیتیکدا تا کوێ بڕ دەکات، بە لێنزێکی کوردانەوە خەریکی نەخشــاندنی

وێنەیەک دەبێت بەڵکوو ئاراستەی خەباتی نەتەوەیی دێمۆکراتیکی کورد بۆخۆی و نەوەکانی دوای خۆی دیاری بکات. ئەم وێنەسازە، قاسملووەکەی پێش ساڵانی پەنجای هەتاوی نییە کە لە ژێرخانەکەی ماڵی پێشەوا بە نهێنی خەریکی خوێندنەوەی دەستنووس و کتێبی نێو کتێبخانەکانی پێشەوا بوو، لەگەڵ عەزیز یوسفی و بلووریان و هاوڕێیانی دیکەی لە گەڕەکەکانی تاراندا بە نهێنی دەژیان و کیانووری و ڕێبەرانی دیکەی حیزبی توودە دانیشتنی لەگەڵدا دەکردن. ئەم وێنەسازە، قاسملووی دوای ساڵانی پەنجای هەتاوییە کە لە پارادۆکسە تیۆریک و فکرییەکانی مارکسیست-لێنینیزم تێگەیشتووە، بەهاری پراگ (١٩٦٨) لە نزیکەوە دەبینێت و لە گشت وڵاتانی سوسیالیستیدا، کە سەردەمێک خەون و ئامانجی بوون، پەنایەک شک نابات چونکە هەوڵی دابوو سوسیالیزم و ئازادی بەیەک شاد و ئاشت بکاتەوە. هەڵبەت لەو سەردەمانەدا وێنە گەورەکە نەخشا بوو، بەڵام تەمێکی ئایدیالۆژیک کە بە هۆی ناتەبایی لەنێوان تیۆر و واقعە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و ئێران پێک هاتبوو، دوورەدیمەنی وێنەکەی تەڵخ دەکرد. پرسی لابردنی چەوساندنی کۆمەڵایەتی ئەو بەشە لە وێنەکە بوو کە لە دوای کۆنگرەی چواری حیزبەکەیەوە زیاتر کەوتە بەر سەرنج و دەبووایە کارێکی زۆرتری لەسەر بکات، بەڵکوو ڕێگە نەدات وێنەیەکی تەماوی ببێتە هۆی ئاڵۆزبوونی کۆمەڵگای سیاسیی کوردستان. بەم چەشنە بە شێوەیەکی مێتۆدۆلۆژییانە و سیستەماتیک، بە نێو گشت مەزن تیۆرەکاندا[١٢] دەگەڕا بەڵکوو لە گوزارەیەک نزیک ببێتەوە کە لەگەڵ واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستاندا بێتەوە.

وێنەگەورەکەی قاسملوو بە پێچەوانەی وێنەکانی هاوچەرخی خۆی، وێنەیەکی کۆلاژیکە. واتە بریتییە لە چەند پارچە وێنەی ئینتزاعی کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک دامەزراون و هاوپەیوەندی و هەوەڵییەتی هەرکام لە وێنە چکۆلەکان لە فۆرمولێکدا دیاری کراوە بەناوی دروشمی ستراتیژیک و ئامانجی دوارۆژی حیزب. بەم چەشنە تێکرای وێنەکان لە قاوغێکی بەرینتردا، وێنەیەکی گەورەتر پێک دێنن بە ناوی «لابردنی چەوساندنەوە». پێرسەکتیڤی وێنەکە لابردنی چەوساندنەوەیە، بەڵام وەک پێشتر باس کرا، لە کوردستاندا چەوساندنەوە فرەچەشنە و بریتییە لە چەوساندنی نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی و سیاسی. هەر لەم سۆنگەیەوە مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک کۆنتراست دیاری کراوە بۆ ئەوەی ببێت بە پێوەر بۆ لابردنی ئەو چەوساندنانە. لە وێنەکەدا چەوساندنی نەتەوایەتی بنەمایە بۆ خەبات و خودموختاری کۆتایی پێ دەهێنێت، چەوساندنی سیاسیش ئازادی چارەسەری دەکات، بەڵام چەوساندنی کۆمەڵایەتی بە هێندێ مەوداوە دەچێتە قۆناغی ئامانجی دوارۆژی خەبات. لە وێنەکەدا فلاشێکی دوو سەر، پێوەندییەکی ئۆرگانیک لەنێوان مافی سیاسی و مافی نەتەوەییدا پیشان دەدات و، هەروەها فلاشێکیش لە قۆناغی دوای مافی نەتەوەیی و سیاسییەوە، سیلە لە مافی کۆمەڵایەتی دەگرێت چونکە بە پێی هەوەلییەتەکانی خەبات ئەوجار پرسی کۆمەڵایەتی بنەماییتر دەبێت. دێمۆکراسیش کۆمپۆزیسیۆنی وێنەکانی ڕاگرتووە. واتە چارەسەریی هەر کام لەو چەوساندنانە بە دێمۆکراسییەوە گرێ دراوە. کەوایە ئێمە کاتێک دەتوانین باس لە ئێرانێکی دێمۆکراتیک بکەین، کە هۆکارەکانی ئەو چەوساندنانەی بنبڕ کرد بێت.

لەوانەیە ئەم پرسیارە بێتە ئاراوە کە بۆچی دێمۆکراسی وەک کۆمپۆزیسیۆنی وێنەکە دیاری کراوە؟ وڵامەکەی پێوەندی بەو شیکارییەوە هەیە: «لە قۆناخی ئێستای خەباتی ئێمەدا ستەمی نەتەوایەتی ئەساسییە، لە قۆناخی پاش دابینکردنی مافی




نەتەوایەتیدا، ستەمی چینایەتی خۆی دەر دەخا و خەبات دژی ئەو ستەمە ئەساسیتر ئەبێ. بەڵام ئەوەی بۆ حیزبی ئێمە لە هەموو وەختێک و لە هەمووان ئەساسیترە، چ لەنێو حیزبدا و چ لە دەرەوەی حیزب، خەبات بۆ دێمۆکراسییە.» (قاسملوو ۲۰۰۳: ۶۷).
یەک لەو پرسیارانەی کە زۆرجار بەرەورووی وێنەیەکی وەها بووتەوە، پێوەندیی نێوان مافی نەتەوەیی و دێمۆکراسییە، بۆ نموونە ئەگەر دەسەڵاتێکی نادێمۆکراتیک کە ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پێشێل بکات و ئامادەش بێت لەسەر پرسی نەتەوەیی کورد رێک بکەون ، کاردانەوەی حدکا چی دەبێت؟ عەقڵانییەتی سیاسی لە دۆخێکی وەهادا قاسملوو سەرپشک دەکات بەڵکوو بە قازانجی پرسی نەتەوەیی، دروشمی «دێمۆکراسی بۆ ئێران» کە بەشێک لە ستراتیژیی حیزبەکەی پێک دێنێت، سڕ بکات. پاساوەکەش پێوەندیی بە بەرپرسیارەتیی حیزبەکەیەوە هەیە لە حاند دۆزی کورد و پێی وایە حیزبەکەی شەڕ بۆ شەڕ ناکات بەڵکە شەڕ بۆ وەدیهێنانی خودموختاری دەکات (قاسملوو ۱۳۸۳ : ۳۵۱). سڕکردنی ئەو بەشە لە دروشمی حیزبەکەی وەک تاکتیک لەبەرچاو دەگرێت، چونکە ئاشنایە بە ڕەگی مێژوویی ئیستبداد لە ئێراندا و بە پێی سرووشتی ئیستبدادیی وەها، خەباتەکەش بۆ دامەزراندنی دێمۆکراسی درێژماوەتر دەبێت. وەرگرتنی خودموختاری تەنانەت لە سیستەمی ویلایەتی فەقیشدا وەک دەرفەتێک بۆ پەرەسەندنی دێمۆکراسی تێبینی دەکات و تەنانەت لە وڵامی پرسیارێکی گۆڤاری «راه ارانی»شدا ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە: «ئەگەر رۆژێک رێژیم ناچار بە قبوڵکردنی خودموختاریی کوردستان کرا، بە بڕوای ئێمە ئەوە سەرکەوتنێکە بۆ دێمۆکراسی، چونکە لەو حاڵەدا لەنێو بەشێک لە ئێراندا دێمۆکراسی جێگیر بووە» (رۆژنامەی کوردستان ۱۳۶۷).
پرسیارێکی دیکە کە بەرەورووی وێنە گەورەکە بووەتەوە، دواخستنی خەبات دژی چەوساندنی کۆمەڵایەتییە بە قازانجی لابردنی چەوساندنی نەتەوەیی و سیاسی. ئەم دیاردەیە یەک لە ئاڵۆزترین مشتومڕە نێوخۆیییەکانی حیزبەکەی و تەنانەت دەرەوەی حیزبەکەشی بوو. چونکە خەبات دژی چەوساندنی کۆمەڵایەتی لە بەراورد لەگەڵ دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان زەروور دەهاتە

بەرچاو و تەنانەت لە شرۆڤەکانی بۆ دروشمی بنەڕەتیی حیزبەکەشیدا ئاماژەی پێ داوە: «ئەو خودموختارییەی کە داوای دەکەین دەبێت بە مەحتەواش ئەوە بێ کە شتێکیش بەو میللەتە بدا. بەتایبەتی کە زۆربەی خەڵکی کوردستان زەحمەتکێشانن...» (قاسملوو ١٣٧٣: ٨). لە لایەکی دیکەوە کەموکوورییەکانی خەباتی کوردستانی عێراق لە ساڵانی حەفتای زایینی باش دەناسی و ڕەخنەشی لێی هەبوو کە بۆچی نەیتوانی وێنەیەکی گەورە ساز بکەن، بەڵکوو گشت پێکهاتەکان لە خۆی بگرێت. بۆ نموونە پارتی دێمۆکراتی کوردستان پرسی نەتەوەیی و حیزبی شیوعی خەباتی چینایەتی بە بنەما دەگرت. سوسیالیزم وەک سێنتێزێک بۆ ئەم کەمایەسییە لە بەرنامەی حیزبەکەیدا هاتووە، چونکە: «ئەساسی سوسیالیزم لە ڕاستیدا لەنێوبردنی چەوساندنەوەی ئینسانە» (قاسملوو ٢٠٠٣: ٩) بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئامانجە «... حیزبێکی شۆڕشگێر پێڕەوەی لە هێندێک ئوسوولیش دەکا کە بۆ دابینکردنی هەر کام لەو ئەسڵانە بە چەندین قۆناغی ستراتیژیکدا تێ دەپەڕێت» (ibid: ١١). کەوایە بۆ گەیشتن بە سوسیالیزم (لابردنی چەوساندنی کۆمەڵایەتی) دەبێ دوو قۆناغی ستراتیژیک، واتە دابینکردنی مافی نەتەوەیی و سیاسی تێپەڕ بکات. بەڵام نووسەری کورتەباس کە بۆخۆی توێژەری ئابووریی سیاسییە، لەوە خافڵ نییە کە «... سوسیالیزم بەو وەزعە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەی ئێستای کوردستان هەیە، ناتوانێ نەک دروشمی ڕۆژ بێ، بەڵکوو لە ڕاستیدا بۆ قۆناغێکی تاکتیکیش ناکرێ باسی لەسەر بکرێ...» (ibid: ١٢). ئەمەی کە باس کرا ڕەهەندی کارکردیی سوسیالیزم بوو، بەڵام قاسملوو لە باری سترۆکتۆریشەوە تێبینی لەسەر سوسیالیزم هەبوو. کاتێ حیزبێک سوسیالیزم دەکات بە ئامانج، دەبێ دیاری بکات کام وڵاتی سوسیالیستی دەکات بە نموونە. ئێمە دەزانین کورتەباس نامیلکەیەکی ڕەخنەگرانەیە لەو سوسیالیزمە کە نموونەکانی؛ کۆمەڵێ وڵاتی توتالیتار و دژ بە ئازادییە سیاسییەکان بوون و پێکەوە زیندانێکیان پێک هێنابوو بە ناوی بلۆکی سوسیالیستی. بەڵام قاسملوو سوسیالیزمێکی مەبەست بوو کە بتوانێت وڵامدەری واقعییەتی کۆمەڵگاکەی بێت: «مەسەلەیەکی زۆر ئەساسی کە لە سوسیالیزمی دامەزراو بە پێی هەلومەرجی تایبەتیی وڵاتەکەمان، دەبێ لەبەرچاو بێ، مەسەلەی دێمۆکراسی و ئازادییە» (ibid: ٣٨).

تیۆریی ڕادیکاڵ و سیاسەتی مەیدانی بەبێ سنووردارکردنی هێندێ لە بەرچاوگە ئەخلاقی و بەشێک لە ڕەهەندەکانی چەوساندنەوە ناچێتە پێش. زۆر زەحمەتە لە کاتی سیاسەتکردندا گشت ڕەهەندەکانی چەوساندنەوە بە یەک چاو ببینین و پێمان وابێ گشتیان یەکسانن و دەبێ تێکڕای هۆکارەکانی چەوساندن بنبڕ بکرێن. ئێمە دەتوانین باوەڕمان بە گشت بەرچاوگە ئەخلاقی و سیاسییەکان هەبێت، دەتوانین گشت چەوساندنەوەکان بە چاوێک سەیر بکەین، بەڵام سیاسەت لە مەیداندا بە پێی ستراتیژی، تاکتیک و ئاستی هێزە عەینییەکانی کار دەکات و دەچێتە پێش (Evelina 2019) بەم پێیە سڕکردنی دێمۆکراسی، لە قۆناغێکدا کە شانسی وەدیهێنانی یەک لە ئامانجەکان زۆرتر بێت کە شەڕی بۆ دەکرا، هەروەها هەڵپەساردنی خەبات بۆ لابردنی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ قۆناغەکانی دوای لابردنی چەوساندنەکانی دیکە کە بنەماییترن و تەنانەت ڕێگا بۆ لابردنی چەوساندنی کۆمەڵایەتی خۆش دەکەن، عەقڵانیتر دەنوێنێت ئەگەر هێزە عەینییەکانی خۆت لەگەڵ واقعی سیاسەتی ڕۆژدا بەراورد بکەی. مکووڕبوون لەسەر گوتارێکی ئەخلاقی (واتە ئەخلاقی سیاسی) و هەروەها

چەقین لە مەیدانی سیاسەتی ئایدیالۆژییانە (واتە رۆمانتیزمی سیاسی) دەبێتە هۆی شکست و نسکۆی بزووتنەوە سیاسییەکان (ibid). کەوایە سیاسەتی مەیدانی دەبێ لەم بۆچوونەی میشێل فۆکو سەبارەت بە دەسەڵات نزیک بێتەوە کە دەڵێ؛ دەسەڵات یانی مشوورخواردن لە دارشتنی رێکوپێکیی ئۆبژەکان، وەها کە ئامانجی دەسەڵات مسۆگەر بکات. بێگومان وێنەیەکی گەورە و بەهێزیش دەبێ رەچاوی پرەنسیبێکی وەها بکات بەڵکوو لە کاتی وێنەسازیدا تووشی کەموکووری نەبێت و پارادۆکسە گوتارییەکانی نەبێتە هۆی ئەوە کە وێنە گەورەکەی تەماوی بکات. هەڵبەت هیچ دیاردەیەک ناتوانێ بەبێ پارادۆکس بێت، هۆکارەکەش پێوەندیی بە مێژوو و پارادایمەکانییەوە هەیە. بەڵام شتێک کە وێنە گەورەکەی قاسملوو لە وێنەکانی سەردەم جیا دەکاتەوە، کەمکردنەوەی پارادۆکسەکانی نێو وێنە گوتارییەکانیەتی کە بووەتە رەمزی زیندوومانەوە و قەدرگرانبوونی یادی قاسملوو.

## سەرچاوەکان بە ئینگلیسی و نۆروێژی


• Aristoteles, (2013), “Den nikomakiske etikk“. Oversett av Stigen, Anfinn & Rabbås Øyvind, opplag 1, Vidarforlaget, Oslo 2013.

• Berger, Peter L. Og Luckmann (2006), “Den Samfunnsskapte Virkelighe“. oversatt: Wiik, Frøydis, 4. opplag, Oslo 2006.

• Boulding, K (1956), “The Image: Knowledge in Life and Society“. Ann Arbor, MI: University of Michigan Press.

• Evelina Johansson Wilen (2019), “Mellan jaget & världen“. Tankekraft förlag.

• Miller, David (2003), ”Political Philosophy: A Very Short Introduction”. Oxford Universisty Press, 2003.

• Platon (1989), “Gorgias“. Oversett av Anfinn Stigen, forlag Det Norske Samlaget. Oslo 1989.

• Strauss, Leo (1988), “What is Political Philosophy”. Chicago: The university Press (, pp. 9-55).


## سەرچاوەکان بە کوردی و فارسی


• میلر، داوید (۱۳۸۸) فلسفەی سیاسی. ترجمەی کمال فولادی، چاپ اول ۱۳۸۸، نشر مرکز.

• دانشنامه آکسفورد (۱۳۸۷) مدخل: تصویر. تهران: انتشارات دانشیار.

• گرگین عاطفه (۱۳۶۵)، «فصلی در گلسرخ». دوره جدید، جلد ۳، پائیز ۱۳۶۵

• رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ۱۰۶، پوشپەڕی ۱۳۶۴.

• ژمارە ۱۲۰، خەرمانانی ۱۳۶۶

• ژمارە ۱۴۵، ۱۳۶۷

• مورگنتا، هانس جی. ۱۳۷۴. «سیاست میان ملتها: تلاش در راه قدرت و صلح». ترجمەای از مشیرزاده حمیرا. تهران: انتشارات مرکز مطالعات سیاسی و بین المللی وزارت امور خارجه.

• لیک دیوید، ۱۳۸۷. «فلسفه و جامعه و سیاست» (ترجمه مجموعه مقالات). ترجمەی: فولادوند، عزت الله. نشر ماهی پاییز ۱۳۸۷.

• قاسملوو، عەبدولڕەحمان ۲۰۰۳، کورتەباس (سوسیالیزمی دێمۆکراتیک)، نووسینەوە و ئامادەکردن بۆ چاپ: شەشە، سەلاح. چاپخانەی کتاب ارزان، سوئێد ۲۰۰۳.

• قاسملوو، عبدالرحمن (۱۳۷۸)؛ «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازدی»، کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، چاپی سێهەم.

• قاسملوو، عەبدولڕەحمان ۱۳۷۳، «دروشمی بنەرەتیی حیزبەکەمان». پاشکۆی ژمارە ۴۷ی گۆڤاری تێکۆشەر (نامیلکەی نێوخۆیی حدکا)، کمۆسیۆنی سیاسی-نیزامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.

• قاسملوو، عەبدولڕەحمان ۱۳۸۳. «تاڤگەی حەقیقەت» (بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو)، کۆکردنەوەی بەهرامی، کاوە.


## پەراوێزەکان

1. Visualization
2. minimal realism
3. Scientific realism
4. moderate realism
5. Institutionalization
6. سیاست میان ملتها
7. Consequentialism Ethics
8. Proportionality
9. Gorgias
10. Egalitarianisme
11. Poly injustice
12. Grounded Theory